# دووریتان عەتر لە

# لە نزیکیتان عەزاب

سابیر صدیق

سەرەتا

ئەو ژوورە

بەخەسڵەتەکانی

پاشگەزبوونەوەی ناساندم

چڵێ

ڕێحانەی بۆن کردوو

دەستیکرد بە تەگبیر کردن بۆ پیریم

نەی دەهێشت

بیرەوەریەکانم

لەژێر دار پرتەقاڵی حەوشەکەدا بنوسمەوە

شووشە عەترو

وێنە تەڵخ و تورەکانمی

کۆدەکردەوە بۆ ئەرشیف

** ** **

سەرەتا

ئەو ژوورە

بەوە خۆی خۆشەویستکرد لام

پێکەنینە هەڵوەریوەکان و

خەمە ڕژاوەکانمی

بەکۆڵ دەگواستەوە بۆ گۆڕستان

لای خوارووی

گۆرەکەی باوکمەوە هەڵیدەچنین

بەحورمەتەوە دەیووت:

ببوورن..

ئێوە دڵتان پڕە لەگومان

من بۆنی عەترم لێدەڕژێ

**    **    **

سەرەتا

ئەو ژوورە

زۆر لەباران دەدوا

هەموو جۆرەکانی دەناسی

فلمێکی نیشاندام

لەسەر حیکمەتەکانی تەڕایی

بەدوو ساڵ

کتێبێکی بۆ خوێندمەوە

لەبەرگەوە بۆ بەرگ

بۆنی مەرگ و

قوولایی دەریای لێدەهات

حیکایەتێکی بۆ کردم

دیوێکی سووتابوو بە هەتاو

دیوەکەی دی

پڕبوو لە وێنەی ڕەشو سپی ڕووت

لەهەڵلەرزین و سەرماو سۆڵە

بەیانیەکی سارد

بەسادەیی

لەسەر دەستی جوانیەکانی یاقووت

بەپێی یاساکانی درەوشانەوە

بەشاهیدی خوا

تەنیایی من و

عەشقی( تاقانە) ی

لەیەک مارەکرد

ئەو ژوورە ....

** ** **

لەو بەیانیە ساردەدا

بەفر دەی ووت:

چەند جوانە

ئەو عەشقە

لەبۆنی

خاک دەچێ

ئاو دەیووت:

سڵناکا

لەپیری

بەرۆحما

رۆدەچێ

بادەیووت:

پێکەوە

بڕۆن بۆ

ژێرفوارەی

ڕووناکی

هەور دیووت:

پڕدەبن

لەئومێد

تەڕدەبن

بەپاکی

** ** **

شەوێک من

نزیک لە مەی و ڕۆشنایی

بەتەنیشت خوێندنی تەیرەکانمەوە

لەدەرگاوە ماڵئاواییم

لە( جەمال غەمبار) و

( باپیر) و

( دلاوەر قەراخی) دەکرد

ئەو..

ئەو ژووورە

بێهودە

لەودیو خەونەکانی منەوە

سەری کردبووە سەر باخچە

لەپەنجەرەکەیەوە

چاوەڕێی گەرانەوەی

( ئەرخەوان) و

( یاسینی فەقێ ) و

( ڕێزان) ی دەکرد

لەودیو خەونەکانی ئەوەوە

لەتەنیشت خوێندنی تەیرەکانی منەوە

شەوێک..

زەنگی تەلەفونەکەو:

( چۆنی سابیر !

لەگەڵ جگەرە کێشان و

بوون بەهەڵمی زەمەنا چۆنی!

وەکو جاران

نزیک لە مەی و ڕۆشنایی

ژوورەکەت

سەری کردۆتە سەر باخچەو

بۆنی عەتری لێدەڕژێ

وێنە تەڵخو تووڕەکانت

کۆدەکاتەوە بۆ ئەرشیف

تەگبیر بۆ پیریت دەکا

تامی حیکایەتەکانی چۆنە

ئێستاش ناهێڵێت

لەژێر دار پرتەقاڵە جاسووسەکەدا

بیرەوەریەکانت بنووسیتەوە

فلمت نیشان دەدات و

کتیبت بۆ دەخوێنێتەوە!!)

نا..

عەزیزم نا

پێکەنینەکانم بەردەوام هەڵدەوەرێن

کەس نییە خەمە ڕژاوەکانم کۆبکاتەوە

لای گۆڕکەی باوکمەوە هەڵیان چنێت

لەبەر خۆیەوە بڵێ:

( ئاوی ئاموون و

توونی بابا چن)

کەس نییە

بەزمانێک

کەپێشتر بەبیسترابێ

بە ناسکییەک

کەپێشتر نەبینرابێ

بە ( کۆڤان ) ی کوڕم بڵێ:

ژوورەکەی باوکت

لەسەفەری تۆوە هەتا ئێستا

بەردەوام

لەدەرگاو پەنجەرەوە

عەزابی (لۆکیمیا) و

بۆنی شەڕو

شەونخونی

لێدەڕژێ

---

بەهاری سلێمانی 2001

* ڕوونکردنەوەیەک

* جەمال غەمبار ، دلاوەر قەرەداخی ، حمە سەعید باپیر ، یاسین فەقێ سەعید ، ئەرخەوان

ئەو هاوڕێیانە بوون لەو ڕۆژگارەدا بەرەو دوا سەفەریان دەکرد

* ڕێزان... هاوسەرو هاوڕێمە ئەویش یەکێک بوو لە موسافیرەکان

* كۆڤان ی كوڕم ... یادی بەخێر ، ساڵی 1993 لەتەمەنی 7 ساڵیدا بەنەخۆشی لۆكیمیا

ماڵئاوایی كرد.

---

* سووپاس :

بۆ ( ئەو ژووره ) كه ( بنكەی ئەدەبی و ڕووناكبیری گەلاوێژ ) پێیان دابووم ، نزیكەی دوو ساڵ

شەوانی مەستی و ڕۆژانی پڕ لەڕاڕایی و چاوەڕوانیم تێدا گوزەراند ...

ڕووبەرەكەی 2م به 3م بوو ... بەڵام به ئێستاشەوه جیهانێكی فره گەورەی عەشق و

خۆشەویستی منه

سابیر